له کوێیە ئەو کەسەی وا سوێندی بە خودا خوارد کە چاکە ئەنجام نەدات

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێتک پێغەمبەری خودا-صلى الله عليه وسلم- گوێی لە دەنگی مشتومڕێک بوو لە پێش دەرگادا کە دەنگیان بەرز کردبووەوە، یەکێکیان داوای لە ئەوی تر دەکرد کە شتێک لە قەرزەکە کەم بکاتەوە ونەرم ونیان بێت لە داواکردندا (مۆڵەتی زیاتر پێبدات)، بەڵام (خاوەن قەرزەکە) دەیووت: واللە وا ناکەم، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-دەرچوو وفەرمووی: «لە کوێیە ئەو کەسەی وا سوێندی بە خودا خوارد کە چاکە ئەنجام نەدات»، پیاوەکە (خاوەن قەرزەکە) ووتی: من بووم ئەی پێغەمبەری خودا، هەرچیەکی بوێت بۆی جێبەجێ دەکەم.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەنگی دوو کەسی بیست کە مشتومڕیان بوو سەبارەت بە مامەڵەی دارایی، دەنگیان ئەوەندە بەرز بوو هەتا گەیشتە نێو ماڵەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لێیان گرت: (یەکێکیان داوای لە ئەوی تر دەکرد کە شتێک لە قەرزەکە کەم بکاتەوە ونەرم ونیان بێت لە داواکردندا -مۆڵەتی زیاتر پێبدات-): واتا داوای لێدەکات شتێک لە قەرزەکەی کەم بکاتەوە یان نەرم ونیان بێت بەرامبەری -مۆڵەتی زیاتر پێبدات-، ئەویش دەیووت: واللە وا ناکەم، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ لایان وفەرمووی: (لە کوێیە ئەو کەسەی وا سوێندی بە خودا خوارد کە چاکە ئەنجام نەدات؟)، ئەویش ووتی: (من بووم ئەی پێغەمبەری خودا، هەرچیەکی بوێت بۆی جێبەجێ دەکەم): واتا ئەوە من بووم سوێندم خوارد ئەگەر بەرامبەرەکەم هەرچیەکی بوێت لە کەمکردنەوەی قەرزەکەم یان نەرم ونیان بوون لە داواکردندا -زیاتر مۆڵەت پێدانی- بۆی جێبەجێ دەکەم، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (إن شئتَ وضعتُ ما نقصوا، وإن شئت من رأس المال، فوضعَ ما نقصوا) [رواه أحمد: 24405 ، ابن حبان: 5032] واتە: (پیاوەکە ووتی: ئەگەر بتەوێت ئەو بڕەیە لادەدەم کە لە بەردەستتدا نییە، یان ئەگەر بتەوێت لە سەرمایە بنەڕەتیەکە لادەدەم، بۆیە ئەو بڕەی بۆی لادا کە لە بەردەستیدا نەبوو -واتا لە هەندێکی قەرزەکە خۆش بوو-)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەوڵی دا ئاشتیان بکاتەوە ئەویش بە لابردنی هەندێک لە قەرزەکە بێت یان نەرم ونیان بوون بێت -مۆڵەتی زیاتری پێبدات-، لەم بابەتەدا چیرۆکێکی هاوشێوە هەیە، (لە کەعبی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەندێک قەرزی بە لای عبداللەی کوڕی ئەبی حەدرەدی ئەسلەمیەوە بوو، بۆیە داوای لێیکرد وبوو بە مشتومڕیان هەتاوەکو دەنگیان بەرزەوە بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لایاندا تێپەڕی، فەرمووی: ئەی کەعب، وبە دەستەکانی ئاماژەی کرد، وەکو ئەوە وابوو بڵێت: نیوە، بۆیە کەعب نیوەی قەرزەکەی وەرگرت و وازی لە نیوەکەی تر هێنا) [البخاري: 2424 ، مسلم: 1558]، بۆیە پێویستە مسوڵمان سوور بێت لەسەر چاکەکاری و بەدیهێنانی ئاشتەوایی لە نێو خەڵکیدا، ئەگەر بینی دوو کەس یان دوو کۆمەڵ یان دوو عەشیرەت ناکۆکی وڕق وکوشتار هەیە لە نێوانیاندا ئەوا پێویستە هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتەوایی بێت لە نێوانیان بۆئەوەی هەموو ڕق وناکۆکیەک نەمێنێت، ولە جێی ئەو ڕق وناکۆکیە برایەتی وخۆشەویستی بەرپا ببێت، ئەمەش ئەوپەڕی خێر وچاکەکاری وپاداشتە، وئەمیش فەزڵی لە پلەی ڕۆژووگر وشەونوێژکردن وخێرکردن بەرزترە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ألا أخبركم بأفضل من درجة الصيام والصلاة والصدقة؟ قالوا: بلى، يا رسول الله قال: إصلاح ذات البين ...) [رواه أبو داود: 4919] واتە: (ئایا پێتان بڵێم چی شتێک فەزڵ وپلەی لە ڕۆژووگرتن ونوێژکردن وخێرکردن بەرزترە؟ ووتیان: بەڵێ -پێمان بڵێ-، ئەی پێغەمبەری خودا، ئەویش فەرمووی: چاککردنەوەی پەیوەندی نێوان خەڵکی -بەدیهێنانی ئاشتەوایی لە نێوان خەڵیکدا-).


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee